# "دارفوور" مەڵبەندی شەڕ و ژێرپێنانی بەها مرۆییەکان

ئا/ئەردەڵان




له فێڤرییەی ساڵی ٢٠٠٣ وە ناوچەی دارفوور لە رۆژئاوای سوودان بۆتە گەورەترین ناوەندی قەیرانی مرۆیی لەم چەند ساڵەی دواییدا. لە ماوەی شەڕ و پێکدادانە ناوخۆییەکانیدا، هەزاران شارۆمەندی بێتاوان کوژراون و بە ملیۆن کەس بێخانەولانە و ئاوارە بوون. لە ماوەی مانگێك لەمەوبەر بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئامارێك لە راپۆرتێکی نێونەتەوەیدا لە مەڕ دەستدرێژییە بە کۆمەڵەکان، وێران کردنی ئاوایی و گوندەکان و کوشتوبڕی بەرفراوانی شارۆمەندانی مەدەنی و غەیرە نیزامی سەرنجی رای گشتی بەرەو لای دارفوور سووڕا.



سێ هۆکاری سەرەکی کاریگەر لە سەر شەڕ و بشێوییەکانی دارفوور هەن کە یەکەمیان زۆر روونە مژارێکە بە ناوی "نەوت". سێ وڵات لە پێنج ئەندامی بەردەوامی شووڕای ئەمنییەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەشی نەوتی سوودان سەرمایەگوزارییان کردووە.

هۆکاری دووهەم دەتوانێ سەرچاوەگرتوو لە هۆکارە تەسلیحاتی و چەکەوە بێ. چوار ئەندامی بەردەوامی شووڕای ئەمنییەت یا تەسلیحاتی نیزامی، چەکی خۆیان دەفرۆشنە سوودان یان لە دەڵاڵانی بەستنی بۆندی کڕین یان فرۆشی چەك لە لایەن سوودانەوە بوون.

هۆکاری سێهەم رێز لێنان لە سەربەخۆیی وڵاتانە. سەرەڕای ئەوەی کە بە بوونی وەها کێشەگەلێك مافی مرۆڤ بێگومان دەچێتە ژێر پرسیار، بەڵام بەردەوام سیاسەت و ئەسڵی پیرۆزییەتی دەس تێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتان هەروا رەچاو و درێژە بە ژیانی خۆی دەدا.

لە جنووبی سوودان سیاسەتێك کە لە ماوەی ١٥ ساڵی رابوردوودا رەچاو کراوە ئەوە بووە بەر بە گەیشتنی یارمەتییە ماڵییەکان بە هێندێك ناوچەی تایبەت بگیرێ. لە ساڵی ١٩٩٨دا کە قاتوقڕی بەشێکی زۆری لە جنووبی سوودانی گرتەوە، دەوڵەت زۆر بە هاسانی بووە کۆسپ لەسەر رێی گەیشتنی ئەو یارمەتییە مرۆییانەی بەم ناوچانە و لە ئەنجامدا زیاتر لە

٢٥٠هەزار کەس گیانیان لە دەست دا. بەڵام ئەمڕۆکە سەرانی دەوڵەتی سوودان زیرەکانەتر سیاسەتی بەرگرتن بە گەیشتنی یارمەتییە مرۆییەکانیان ڕەچاو کردووە و ئەوڕۆکە هۆکارێك کە لە نەگەیشتنی یارمەتییە مرۆییەکانی بۆ هێندێك لە ناوچەی تایبەت دەزانن هێنانە گۆڕێی باری ئەمنییەتی ئەو ناوچانەیە و پێیان وایە باشترە کە هیچ گرووپێکی یارمەتیدەر نزیك ئەم ناوچانە نەبێتەوە.

بێگومان یەکێك لە ڕێگاکانی کۆتایی هێنان بەم ئاڵۆزی و قەتڵوعامانەی سوودان مەسەلەی تەحریمی فرۆشی چەك و تەسلیحاتی نیزامییە. پێشینەی خوێن ڕێژی و پێکدادان لە سووداندا دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر و لە ماوەی ئەم دوو دەیەیەدا هیچ ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی گەڵاڵەی تەحریمی فرۆشی چەکی بەم وڵاتە نەهێناوەتە گۆڕێ. بلۆکە کردنی دارایی سەرانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەتوانێ زۆر کاریگەر بێ. ئەم هەوڵە شەڕخوازانەیە لە سوودان لە داهاتی فرۆشی نەوتەوە سەرچاوە دەگرێ و کۆمەڵگە نێودەوڵەتی بە بلۆکە کردنی ئەم داراییانە بە هاسانی دەتوانێ لە بەرتەسك کردنەوەی ئەم هەوڵانە کاریگەر بێ.